گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper5

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 16/07/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 07/09/2023
ڕێكەوتی بلاوكردنەوە: 29/04/2025

# ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر: توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**دلشاد مصطفى سليمان[1] - هێرش ڕەسوڵ موراد[2]**

dalshad.sulaiman@su.edu.krd - hersh.rasool@spu.edu.iq

[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

کەناڵە ئاسمانییەکان، ئامرازێکی کاریگەری ڕاگەیاندنن، دەتوانێت ڕۆڵی لە زۆر لایەنی ژیان و پرسی گرنگی کۆمەڵگەدا هەبێت، لەوانەش کەرتی گەشتیارییە. دەشێ توێژینەوەکە بەو دەرەنجامانە بگات لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و پشتبەستنی گەشتیاران بە کەناڵەکان و ئاراستەکردنیان بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر. توێژینەوەکە، لە ڕوی جۆرەوە، بە یەکێک لە توێژینەوە پەسنکارییەکان هەژماردەکرێت، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیشی، ڕێبازی (ڕوپێوکاری) بەکارهێناوە.

کۆمەڵی توێژینەوەکە، بریتییە لە سەرجەم گەشتیارانی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان، کە لە ماوەی دیاریکراو سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی سنوری پارێزگای هەولێریان کردوە. هەروەها مشتی توێژینەوەی ڕاپێوی پێکدێت لە (507) گەشتیار، کە فۆرمەکە بە جیاوازی (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەلایەتی و ئاستی خوێندەواری) بە شێوەیەکی هەرەمەکی، بە سەر گەشتیاران لە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دابەشکراون.

توێژەران لە کۆتایی توێژینەوەکەدا؛ بە چەند دەرەنجامێک گەیشتون، لەوانە، لاوازی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و کەمی بابەتە گەشتیارییەکان و ڕیکلامکردن و ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە مەبەستی گەشتکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

**کلیلەوشەکان:** ڕۆڵ، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئاراستەکردن، گەشتیار، شوێنە گەشتیارییەکان، پارێزگای هەولێر.

# The Role of Kurdish Satellite Channels in Guiding Tourists to Erbil Tourist Attractions: (A Field Study)

Dlshad Mustafa Sulaiman[1] - Hersh Rasul Murad [2]

[1] Department of Media, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Dean of Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Satellite channels are effective media methods that play a crucial role in many aspects of life and important society issues, including tourism sector. The study may conclude in directing tourists to touristic attractions.

This research study aims at exploring the role of Kurdish satellite channels in directing tourists to Erbil province tourist resorts and the extent to which tourists depend on these channels. To reach its aim and objectives, this complimentary study has used a survey questionnaire as a research instrument for collecting and analyzing the data. The research participants were local tourists of Kurdistan Region, who visited tourist attractions in Erbil province during a specific period of time. The sample of this research was chosen randomly and consisted of 507 tourists. The survey questionnaire was delivered to the participants, considering a maximum variation in tourists gender, age, social status, and educational background. The results of this research study show that Kurdish television channels paly a weak role in drawing the tourists attentions to Erbil province tourist resorts. The findings also reveal that Kurdish satellite channels lack tourism-related programmes and advertisements.

Keywords: Role, Kurdish Satellite Channels, Guiding, Tourist, Tourist Attractions, -Erbil Province.

## پێشەکی

ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند گرنگیی خۆی هەیە، بە تایبەتیش میدیایی بیندراو و کەرتی گەشتیاریی، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر: توێژینەوەیەکی مەیدانییە"،

ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئاراستەیە ئەنجامدراوە، کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان دەیگرنەبەر، هەروەها ڕادەی ڕۆڵبینینی کەناڵەکانە لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

توێژینەوەکە، تیشکدەخاتە سەر زانینی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر، ئامانجی ڕونکردنەوەی بایەخی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی و ڕۆڵییەتی لە گەشتیاریی ناوخۆیدا.

ئەم توێژینەوەیە، بۆ سێ پاژ دابەشکراوە، لە پاژی یەکەمدا؛ (ڕێبازنامەی توێژینەوەکە) خراوەتەڕو، کە خۆی لە چەند تەوەر و برگەیەک دەبینێتەوە. پاژی دووەمیش، کە تایبەتە بە (زانیارییینامەی توێژینەوەکە)، هەریەک لە: کەرتی گەشتیاری و ڕاگەیاندنی گەشتیاری و سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکان چەند بابەتێکی تر، هەروەها لە پاژی سێیەمدا کە تەرخانکراوە بۆ (کردەنییینامەی توێژینەوەکە)، ئەنجامی ڕاپێوییینامەکە، لە کۆتایشدا؛ توێژەران چەند دەرەنجامێک، لەگەڵ چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکیان خستۆتەڕو.

## پاژی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە؛ بریتییە لە "زانینی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر".

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری کێشەی توێژینەوەکەش، توێژەران ئەم پرسیارانەیان خستۆتەڕو:

1. گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان تاچەند پشت بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن لە ئاراستەکردنیان بۆ شوێنە گەشتیارییەکان؟

2. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بە مەبەستی گەشتکردنی هاووڵاتییان بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر، بابەتە گەشتیارییەکان چۆن دەخەنەڕو و ڕێکلامیان بۆ دەکەن؟

3. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان تاچەند ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە؟

4. کەناڵە ئاسمانییەکان کوردییەکان تا چ ئاستێک توانیویانە ڕۆڵ و کاریگەرییان لە ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکان هەبێت؟

### دووەم: گریمانەی توێژینەوە

1. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز)ی بەرتوێژان (گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

2. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (تەمەن)ی بەرتوێژان (گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

3. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (باری کۆمەڵایەتی)ی بەرتوێژان (گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

## سێیەم: گرنگیی توێژینەوەکە

دەتوانرێت گرنگیی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەوە ببینرێت:

1. **کۆمەڵ و نیشتمان:** بابەتێکی گرنگ و بەسودە، بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵەوە پەیوەستە. هاوکات؛ کەرتی گەشتیاریی بوارێکی گرنگی نیشتمانییە، بایەخپێدانیشی بەسود و قازانجی بەرژەوەندیی گشتیی تەواو دەبێت.

2. **ئابوریی:** بەو پێیەی گەشتیاریی سەرمایەکی گەورەی نیشتیمانییە، دەوڵەت دەتوانێ وەك داهاتی (نەوت، خاڵی سنوریی، ناوخۆ) پشتی پێببەستێ، هەروەها شوێنە گەشتیارییەکان پشت ڕیکلام ببەستن، چونکە گرنگی خۆی هەیە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بۆ گەشەپێدانی ئەم کەرتە، پێویست و گرنگن. هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هەوڵێك بۆ بوژاندنەوەی کەرتی گەشتیاریی و بەرزبونەوەی داهات و گەشەکردنی ئابوریی وڵات.

3.**زانستی:** بابەتی توێژینەوەکە لە ڕوی زانستییەوە بابەتێکی گرنگە و ناوەندە ئەکادیمییە پەیوەندیدارەکان دەتوانن سودی زۆری لێ ببینن.

**4. پیشەیی:** توێژینەوەکە دەبێتە هەوڵێك بۆ پیشەییبونی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەت ڕاگەیاندنی بینراو.

## چوارەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

1. دیاریکردنی ئاستی پشتبەستنی گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ ئاراستەکردنیان بۆ شوێنە گەشتیارییەکان.

2. خستنەڕوی بابەتە گەشتیارییەکان و ڕیکلامکردن لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە مەبەستی گەشتکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان.

3. زانینی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان.

4. دەرخستنی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان کوردییەکان لە ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان.

## پێنجەم: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە، لە ڕوی جۆرەوە، بە یەکێک لە توێژینەوە پەسنکارییەکان هەژماردەکرێت، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیشی، ڕێبازی ڕوپێوکاری بەکارهێناوە.

## شەشەم: کۆمەڵ و مشتی توێژینەوەکە

**کۆمەڵی توێژینەوەکە:** بریتییە لە سەرجەم گەشتیارانی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان، کە لە ماوەی دیاریکراو سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی سنوری پارێزگای هەولێریان کردوە.

**مشتی توێژینەوەکە:** مشتی توێژینەوەکە پێکدێت لە (507) گەشتیاری ناوخۆ، کە گەشتیانکردوە بۆ شوێنە گەشتیارییەکای پارێزگای هەولێر، بە جیاوازی (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری) بەشێوەیەکی هەڕەمەکی فۆرمی ڕاپێوینامە بە سەر گەشتیاران دابەشکراون. هەروەها هۆکاری دەستنیشانکردنی ژمارەی مشتی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا لە ساڵی (2022) بەپێی داتای دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم هاتنی ژمارەی گەشتیاران بۆ پارێزگای هەولێر بریتییبوە لە (2.819.790)، بۆیە لە ڕێگەی بەرنامەی (sample size) کە بەرنامەیەکی ئامارییە ئەو ژمارەیە وەرگیرا.

### حەوتەم: پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی

دوای دارشتنی فۆرمی ڕاپێوی، بۆ دڵنیابونەوە لە ڕاستی ڕواڵەتیی فۆرمەکە، کە بە شێوەیەکی ورد و زانستی دارێژراوە، پاشان فۆرمەکە خرایە بەردەستی (15) پسپۆری بواری (ڕاگەیاندن، جوگرافیا و گەشتیاری، ئابوری گەشتیاری، کۆمەڵناسی گەشتیاری و ئامار)[i] دواتر ڕاو سەرنج و پێشنیاری شارەزایان وەرگیران، سەر لەنوێ دارشتنەوە بۆ فۆرمەکە کرایەوە، بۆ ئەمەش گۆڕانکاری لە برگەو تەوەر و ناوەرۆکی کرا، لە ڕێگەی بەرکاهێنانی هاوکۆلکەی ( Content Validity)یەوە ڕاستی ڕوالەتی دەرهێنرا، کە بریتییە لە (91.76%)، کە ئەمەش لە ڕوی زانستییەوە بە ڕێژەیەکی دروست دادەندرێت. بۆ زانینی ناوی هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی ڕاپێوی بڕوانە پەراوێزەکان.

### هەشتەم: ڕادەی جێگیری

بۆ گەیشتن بەپێوانەکردنی ڕادەی جێگیری، توێژینەوەکە پشتی بە هاوکێشەی (ئەلفا کرونباخ) بەستوە، دەردەکەوێت بەهای جێگیری دەکاتە (0.831) کە گەورەترە لە (0.65)، کە بەهایەکی گونجاوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی جێگیری لە پرسیارەکاندا.

### نۆیەم: بوارەکانی توێژینەوەکە

دەستنیشانکردنی بوارەکانی توێژینەوە، یەکێکە لە ڕێکارە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی، بواری توێژینەوەش بە سەر چوار بوار دابەش دەبێت، ئەوانیش بریتین لە:

**1. بواری بابەت:** هەمو ئەو بابەت و ژانر و پەیامە میدیاییانە دەگرێتەوە، کە لە (کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە ئاراستەی گەشتیار دەکرێت بە مەبەستی ئاراستەکردنیان بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر).

**2. بواری مرۆیی:** بریتین لە گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کە گەشتیان بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر کردوە.

**3. بواری شوێن:** ئەم توێژینەوەیە لە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر ئەنجامدراوە و ڕاپێوینامە لە شوێنە گەشتیارییەکان بە سەر گەشتیاران دابەشکراون.

**4. بواری کات:** بریتییە لە ماوەیەکی دیاریکراو، کە توێژەران هەردو وەرزی (بەهار، هاوین) واتە ماوەی نێوان (2023/3/21 تا 2023/9/21) پرسیاری لە بارەوە دەکەن.

**دەیەم: ئامرازە ئامارییەکان**

بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری و جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی، توێژەران چەند ئامراز و کرداری ئاماری پێشکەوتوی بەکارهێناوە، لە گرنگترینییان بەرنامەی (SPSS) لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیە، کە بە سیستەمێکی پێشکەوتو و گرنگ دادەنرێت، بۆ شیکردنەوەی داتاکانیش، چەند یاسایەك بەکارهاتون ئەوانیش:

1. ڕێژەیی سەدی = $\frac{\text{بەش} \times 100}{\text{کۆی گشتی}}$

2. ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابي - Maen) بۆ دەرهێنانی ناوەندی گۆڕاوی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕاپرسییەکەدا.

ناوةندی ژمێریاری کیشکراو (الوسط الحسابي الموزون) ( Weight Mean )

$$\bar{X}_w = \frac{\sum_{i=1}^{n} x_i w_i}{\sum_{i=1}^{n} w_i}$$

3. لادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري - Standard Deviation) بۆ دەرهێنانی بڵاوەی بەهاییەکان لە ناوەند.

$$Stander\ deviation\ (S.D)_w = \sqrt{\frac{\sum_{i=1}^{n} w_i (x_i - \bar{x}_w)^2}{\sum_{i=1}^{n} w_i - 1}}$$

٦)تاقیکردنەوەی کایی (Chi-square test

$$\chi^2 = \frac{\sum_{i=1}^{n} (Q_i - E_i)^2}{E_i}$$

ك مج pq (1-ص) مج ص ك
6. هاوکێشەی (ئەلفا کرونباخ) – ك- ڕ (20) = —— [—————] [—— -1] —— = (20) ك ڕ
1- ك s ²x س ع ² ك-1

**یازدەیەم: تیۆریی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

ئەم تیۆرە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەسەر بونی بنەمای پەیوەندییەکی بەهێزی نێوان جەماوەر و ئامرازەکانی میدیا و سیستەمی کۆمەلآیەتی سەریهەڵدا. هەروەها چەمکی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوەوە دەرکەوتوە، بۆ یەکەم جار لە لایەن "ملفين ل ديفلرو ساندرا بۆل ڕوكيچ"ەوە بەکارهێنراوە، (فاطمە، 2015: 28) پێشنیارەکانیشیان ئاوێتەکردنی نێوان جەماوەرو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سیتسەمی کۆمەڵایەتی بو، ئەوەش سەرەتای ئەم تیۆرە بو. (مخلف، 2010: 13)

لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو پەیوەندیکردن گۆڕینی چۆن ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری هەندێك جار کاریگەریی بەهێزو ڕاستەوخۆیان دەبێت و هەندێك جاری دیکەش کاریگەریی ناڕاستەوخۆو لاوازە. (مى العبدالله، 2006، 226)

**کاریگەری تیۆریی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

1. کاریگەرییە مەعریفییەکان: لەو کاریگەرییانە جیاوازترن، کە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەو ئاشکرا کار دەکەنە سەر ڕەفتاری تاکەکان. (مرفت، عبدالعزیز، 2006: 136)

2. کاریگەرییە سۆزدارییەکان: کردارە سۆزدارییەکان گرێدراوی هەندێك زاراوەی ویژدانیی جیاوازن، وەکو: هەستو سۆزو پێکهاتە مرۆڤایەتییەکان لە خۆشەویستیو ڕق، بەمەش پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبێتە مایەی کاریگەری بۆ سەر هەستی جەماوەرو وەڵامدانەوەی سۆزداری. (ابراهیم، علاء الدین، 2019: 44)

3. کاریگەرییە ڕەفتارییەکان: لە ئەنجامی ڕودانی کاریگەرییە مەعریفیو سۆزدارییەکان دێنە ئاراوە، ئەوەش ڕێژەی ئەو گۆڕانکارییەیە، کە لە ڕەفتاری تاکدا ڕودەدات لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە پەیامە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن. (عارف، 2020: 538)

ئەم تیۆرە یەکێکە لە تیۆرە کاریگەرەکانی ڕاگەیاندن، پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ئامرازەکانی میدیا و جەماوەر هەیە بۆ پشتبەستن و وەرگرتنی زانیاری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە، هەروەها توێژینەوەکە دەیەوێت ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە دیاربخات لە ئاراستەکردنیان بۆ شوێنە گەشتیاریەکانی پارێزگای هەولێر.

**دوازدەیەم: دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان**

**1. ڕۆڵ:** بریتییە لە، ڕۆڵ بینین و کارتێکەرانەیە، کە ئامرازێک یاخود کەسێک هەیەتی لەسەر بابەتێکی تر، کە مەبەست لەو توێژینەوەیە ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانە لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

**2. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:** بریتییە لە، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی نمونەی توێژینەوەکەیە، کە (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، سپێدە، پەیام، ئێن ئار تی، ڕوداو، کودستان 24، زاگرۆس تیڤی، کەی ئێن ئێن، گەلی کوردستان، کوردماکس و وار تیڤی)ن، کەوا توێژینەوەکە دەیەوێت لێیان بکۆڵێتەوە، لەوەی کەناڵەکان ڕۆڵیان چۆنە لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

**3. ئاراستەکردن:** جوڵەیەکە لە ڕێگەی کردەیەکی پلان بۆدانراوەوە دێتەدی. لێرەشدا، واتە ئەو ڕێبەرییکردنەوەی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەیکەن.

**4. گەشتیار:** ئەو کەسەیە کە شوێنی نیشتەجێبونی خۆی جێبهێڵێت بۆ ماوەیەکی کاتیی، کە کەمتر نەبێت لە شەو ڕۆژێکدا و زیاتریش نەبێت لە ساڵێکدا، ئەو ماوەیە تەرخان بکات بۆ گەشتکردن و تێرکردنی حەز و ئارەزوەکانی، نەك بە دەستهێنانی دەسکەوتی ماددی. لێرەش، مەبەست لە گەشتیاری ناوخۆی هەرێمی کوردستانە، کەوا گەشت و سەیران بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەکەن.

**5. شوێنە گەشتیارییەکان:** بریتییە لە، شوێنە گەشتیارییەکانی سنوری پارێزگای هەولێر لە هەرێمی کوردستان.

**6. پارێزگای هەولێر:** پارێزگای هەولێر، یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە، لە سنوری پارێزگاکە چەندین شوێنی گەشتیاریی سەرنجراکێش هەن، بۆیە لە ساڵی (2014) نازناوی پایتەختی گەشتیاریی وەرگرت.

## سێزدەیەم: توێژینەوەکانی پێشو

توێژینەوەکانی پێشو سەرچاوەو کەرستەیەکی گرنگن، لێرەدا ئەو توێژینەوانە دەخرێنەرو کە لە توێژینەوەکە نزیکن ئەوانیش:

1. توێژینەوەی حسێن (2021) بە ناونیشانی: **دور وسائل الإعلام فی الترویج للسیاحه الآثریه فی إقلیم کوردستان- العراق،** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕادەی ڕۆڵبینینی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بەبازاڕکردنی گەشتیاری شوێنەواری بە دیار بخات کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە دامەزراوە میرییەکانی حکومەتی هەرێم، هەروەها مشتی توێژینەوە بریتییە لە، ژمارەیەك لە کارمەندانی گەشتیاری و شوێنەوار و پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن، کە بە شێوەیەکی سادە و هەرەمەکی وەرگیراون و ژمارەیان (120) یەکەیە.
توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و ڕێکاری (ڕاپێوی) بەکارهێناوە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێگەیشتوە بریتین لە: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەو ڕاستی و داتایانە پێشکەش دەکەن، کە بە کردەیی ئەو خزمەتگوزارییانە دەردەبڕن، هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بایەخی تایبەتمەندان و پسپۆڕانی پرۆسەی گەشتیاری دەوروژێنن.
2. توێژینەوەی حسن (2007) بە ناونیشانی: **أشكال ومضامين البرامج السياحيه فی قناه العراقيه الفضائيه.** توێژینەوەیەکی مەیدانییە ماوەی (2006/1/1 تا 2006/6/30) کراوە بە کەیسی توێژینەوەکەی، کە خۆی لە (236) بەرنامەی گەشتیاری دەبینێتەوە، توێژینەوەکە لە جۆری وەسفی و ڕێکاری شیکاری بە کارهێناوە. لەم توێژینەوەیە ئەوە خراوتەرو کەوا میدیای بینراو ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی گەشتیاری و گەیشتن بە بڵاوکردنەوەی بە کۆمەڵ دەردەخات. ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک لە گرنگترینیان؛ جۆری ڕەواجدانی بەکارهێنراو لە بەرنامە گەشتیارییەکان لە کەناڵی ئاسمانیی العراقیە لە کاتی توێژینەوەکە ڕەواجدانی ناڕاستەوخۆبو، هەروەها دیارترین ئامانجەکانی بەرنامە گەشتیارییەکان لە کەناڵی ئاسمانیی العراقیە لە ماوەی توێژینەوەکەدا، وروژاندنی ئەو بایەخە بو کە وا دەکات بەرهەمی گەشتیاریی عێراقی بە باشترین شێوە بناسرێت.
3. توێژینەوەی عمر (2020) بە ناونیشانی: **دور قناه الشارقه الفظائيه فی التسويق السياحی باسخدام وسائط الاعلام الجديد.** ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ڕادەی ڕۆڵبینینی کەناڵی ئاسمانی الشارقە بزانێت لە بەبازاڕکردنی گەشتیاری بەردەوام. کۆمەڵی توێژینەوە بریتییە لە کۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئیماراتی عەرەبی. و مشتی خۆی دەبینیتەوە لە بەرنامەکانی نیوەی یەکەمی خولی پرۆگرامی تەلەفزیۆنی لە کەناڵی ئاسمانی (الشارقە) دەستنیشان کردوە، لە ماوەی کانونی دوەمی تا حوزەیرانی (2018) داتاو زانیاری و ئامارەکان لەو ماوەیە وەرگیراون. توێژینەوەکە شێوازی وەسفی و شیکردنەوەی ناوەرۆکی وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکارهێناوە. ئەم توێژینەوەیە چەند ئەنجامێکی گرنگی هەیە ئەوانیش بریتین لە؛ کەناڵی ئاسمانیی الشارقە ڕۆڵێکی گرنگ لە ناساندن و ڕەواجدانی گەشتیاری لە میرنشینەکەدا دەبینێت ئەوەش لە میانی ئەو بابەتانەی کە کەناڵەکە پێشکەشیان دەکات. بەستنەوەی ڕەگەزەکانی بازاڕکردنی گەشتیاری بە ئامانجەکانی بەرنامەکان و ئەو بابەتانەی کە کەناڵی ناوبراو لەسەر شاشەکەی پێشکەشیانی دەکات.
4. توێژینەوەی contu ، pau (2022) بە ناونیشانی:

The impact of TV series on tourism performance: the case of Game of Thones.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر زنجیرە تەلەفزیۆنی و بەرهەمە سینەماییەکان، کە بە یەکێک لە ئامێرە تازە و ئومێد بەخشەکان دادەنرێت بۆ پێشخستن و زیادکردنی سەردانیکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفی شیکارییە.
(Games of Thrones GoT) کە یەکێکە لە سەرکەوتوترین زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان دادەنرێت، کە لەم دواییانەدا پەخشکرا، لە توێژینەوەکە سەرنج خراوەتە سەر چواردە شوێنی وێنەگرتن لە سێ وڵاتی جیاوازدا ئەوانیش (ئیسپانیا،

کرواتیا و ماڵتا) لە ماوەی ساڵانی(٢٠٠٧-٢٠١٩). ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە چەند خاڵێکی گرنگ دەبینێتەوە ئەوانیش؛ زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و بەرهەمە سینەماییەکان یەکێکەن لە ئامرازە نوێیەکانی بانگەشە و پەیوەندیکردن زیادکردنی بینینیان و بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتر لە گەشتیاران و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پشتگیری لەو بۆچونە دەکەن، کە زنجیرە تەلەفزیۆنییە سەرکەوتوەکانی جیهان ژمارەیەکی زیاتر لە گەشتیاران لەو شوێنانەی کە وێنەیان گیراوە ڕادەکێشن.

**تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو**

دوای خستنە ڕوی چەند توێژینەوەیەك بە زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی) کە پێکهاتبون لە توێژینەوەی "کوردستانی، عێراقی، عەرەبی، نێودەوڵەتی" لێرەدا لە چەند لایەنێکەوە خاڵی هاوشێوەو لێکچو بەراوردیان دەکەین.

هەریەک لە توێژینەوەکان تیشک دەخەنە سەر ڕادەی ڕۆڵی بینین کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و لە ڕاکێشانی گەشتیار و گەشەسەندنی کەرتی گەشتیاری و بە پێی شوێنی جوگرافیا و وڵاتەکان.

ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەر یەك لە توێژینەوەی (حسن:2007)، (عمر:2020)، (حسێن: 2021)، ( contu pau:2022) لە ڕوی جۆرەوە توێژینەوەکان وەسفین، تەنها توێژینەوەی (حسێن: 2021)، لە ڕوی ڕێبازەوە ڕوپێوکاری بەکارهێناوە ئەوانی تر ڕێبازی شیکارییینامەیان بەکارهێناوە. لە ڕوی دەرەنجامیشەوە، خاڵێ هاوشێوە و لێکچو هەیە، کە توێژینەوەکان جەخت لە ڕاکێشان و گەشتیاران و گەشەسەندنی کەرتی گەشتیاری دەکەنەوە.

**پاژی دوەم: زانیارییینامەی توێژینەوەکە**

گەشتییاریی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەسەندنیدا

**یەکەم: کەرتی گەشتیاریی**

**1. گەشتیار:**

بەشێ لە زانایان و پسپۆران و دامەزراوە فەرمیەکانی بواری گەشتیاریی پێناسەی جۆراو جۆریان بۆ گەشتیار کردوە، "کەوا گەشتیار ئەو کەسەیە لە شوێنی نیشتەجێبونی ڕەسەنو بنەڕەتیی خۆیەوە دەردەچێت، بە هەر هۆیەکەوە بێت، تەنها هۆی بەدەستهێنانی ماددی، یان خوێندن نەبێت، چ لە ناو وڵات "گەشتیاریی هاونیشتیمانی"، یان لە ناو وڵاتێکی دیکە "گەشتیاریی بیانی" بۆ ماوەی زیاتر لە 24 کاتژمێر، لە ماڵو شوێنی نیشتەجێبونی خۆیەوە دەردەچێت بۆ مەودایەك کە لە (100) میل کەمتر نەبێت، واتە زیاتر لە 160 کیلۆمەتر، بە مەرجێك لە شوێنێك بە کرێ بمێنێتەوە."(لبنی، 2017: 19)

**2. گەشتیاریی:**

یەکەمین پێناسەی گەشتیاریی لەلایەن (جویر فرولر Guyer Freuler)ی ئەڵمانی لە ساڵی (1905) کراوەو پێی وایە (گەشتیاریی دیاردەیەکی ئاساییە لە دیاردەکانی چەرخی تازە، کە هەڵقوڵاوی پێویستی زیاترمانە بە پشو و خۆشی و حەوانەوەو گۆڕینی هەواو هەستی ڕۆشنبیری و کەلتوری وە چێژ وەرگرتنە بە بینینی جوانی دیمەنە سروشتییەکان). (سایە، 2016: 7)

**3. گرنگیی گەشتیاریی:**

گەشتیاریی ڕۆڵێکی گرنگی دەبینێت لە بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی، پێویستە لەسەر دەوڵەت کەرتی گەشتیاریی یەکێک بێت لە خەمە سەرەکیەکان و گرنگی زۆری پێبدات. (Koerts، 2015: 203) تاوەکو دەرفەتی باش بڕەخسێنی

و  هانی وەبەرهێنان لە کەرتی گواستنەوەی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتی بدات، هەروەها کارکردن بۆ پەرەپێدانی لە پێناوی دابینکردنی گواستنەوەو جولەی گەشتیارانی ناوخۆیی‌و دەرەکی، چ لە وشکانی، یان ئاسمانی، یاخود ئاوی بێت. (بنیامین، 2006: 19) هەروەها کەرتی گەشتیاریی لە ڕوی "ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیری"گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و دەتوانێت هەڵیکار بۆ چەندین کەس برەخسێنێت.

**دەتوانین گرنگیی کەرتی گەشتیاریی لە چەند بوارێك بخەینەڕو ئەوانیش:**

لە ڕوی ئابورییەوە: گەشتیاریی بە یەکێك لە گرنگترین کەرتەکانی ئابوری دادەنرێت، نەك تەنها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵکو لەسەر ئاستی نەتەوایەتی و ناوخۆییش. هەروەها لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە؛ کەرتی گەشتیاری بە یەکێك لە گرنگترین هۆیەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە وڵاتە گەشتیارییەکان دادەنرێت. لە ڕوی سیاسییەوە؛ بایەخی سیاسی لە مامەڵەکردنی وڵاتان لەگەڵ یەکتری دەردەکەوێت، چونکە بزوتنەوەی گەشتیاریی ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەگێڕێت و لە ڕوی ڕۆشنبیرییەوە؛ گەشتیاریبە ئامرازێکی شارستانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. جگە لەو بوارانەی باس کران، لە بواری (تەندروستی، زانستی، ژینگەیی، تەکنۆلۆژیا، خزمەتگوزاری)، کەرتی گەشتیاریی گرنگی تایبەتی خۆی لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگە هەیە.

## 4. جۆرەکانی گەشتیاریی:

دەتوانین جۆرەکانی گەشتیاری بە سەر چەند جۆرێك پۆلێن بکەین، ئەوانیش گەشتیاری بە پێی پێوەری تاك، کە خۆی لە گەشتیاری تاکەکەسی و کۆمەڵ دەبینێتەوە، جۆرێکی دیکەیان بە پێی تەمەنی گەشتیارە، ئەوانیش بە سەر چوار گروپ دابەش دەبەن، "نەوجەوانان، لاوان، گەورەکان، خانەنشینان"، جۆری سێیەمیان بەپێی شوێنەوکە خۆی لە گەشتیاری "ناوخۆیی و نێودەوڵەتی" دەبینێتەوە، جۆری چوارەمیان کە گەشتیاریی بەپێی مانەوە، کە گەشتیاریی "چەند ڕۆژێك، وەرزی، مانەوە، سەرپێی"، کۆتا جۆریان بە پێی ئامانجە کە خۆی لە جۆری گەشیاری "کاتبەسەربردن، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنیری، وەرزشی، ئاینیی، چارەسەرکردن، شوێنەوار و مێژوی، کۆنگرە و فیستیڤاڵەکان" دەینێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، (نادیە، 2019: 12-16) و (فؤاد بن غضبان، 2015: 37-46) و (محمد المغربی، 2016: 12-15)

## دووەم: ڕاگەیاندنی گەشتیاریی

## 1. چەمکی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی:

بەگشتی، چەمکێکە لەسەر "بنەمای هزری‌و هەڵسوکەوتی پیشەیی بونیادنراوەو لایەنە میدیاییە تایبەتمەندەکانی وەکو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان‌و تەلەڤزیۆن‌و ڕادیۆ ئەنجامی دەدەن". (محمد، 2016، 6) توێژەرانی وەکو کاڤلاك (Kavlek)و هال (Hall)و بیرلی‌و مارتن (Beerli and Martin)و گارتنەر (Gartner) ئاماژەیان بە ڕاگەیاندن داوە وەکو "یەکێك لەو سەرچاوە گرنگانەی کە گەشتیار پەنای بۆ دەبات  لە پێناوی بەدەستهێنانی زانیاری، هەروەها بە یەکێك لە شێوەکانی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ دادەنرێت". (بلبخاري، 2016: 177)

## 2. پێناسەی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی:

ڕاگەیاندنی گەشتیاریی چەندین پێناسەی جۆراو جۆری بۆکراوە لەوانە، ڕاگەیاندنی گەشتیاریش بریتییە لە: "دواندنی جەماوەر لە ناو وڵات‌و دەرەوەی، دواندنێکی بابەتیانەو عاقڵمەندانە، بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاکێشان‌و جۆش‌و

خرۆشپێدان لە پێشکەشکردنی بەرهەمی گەشتیاریی بە مەبەستی قایلکردنی جەماوەرو وروژاندنی بایەخەکانی بۆ لایەنە سەرنجراکێشەکانی گەشتیاریو سودی بۆ تاكو وڵات هەبێت". (خالد بن عبدالرحمن، 2014: 59)

## 3. ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی

ڕاگەیاندنی گەشتیاریی کۆمەڵێک ئامانجی گرنگ لە خۆ دەگرێت، کە خۆی لەمانەی خوارەوە دەگرێت:-

### أ. ئامانجە نیشتیمانییەکان

خۆی لە چاندنی گیانی وابەستەبون دەبینێتەوە لای هاووڵاتیانو دەرخستنی ڕوی شارستانی و جوانکاریی تایبەتی وڵاتو هاندانو پاڵنانی پێشوازیکردن بۆ گەشتیاریی ناوخۆیی، زێدەباری کارکردن بۆ ئاسانکردنی سازانی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی شارستانی بون لە کۆمەڵگەدا. (قواسم، 2020: 166)

### ب. ئامانجە ژینگەییەکان

ڕاگەیاندنی گەشتیاریی پشتگیریی ئاراستەی ئەرێنی دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی ناوچە گەشتیارییەکانو ناساندنی بنەما گەشتیارییە ژینگەییەکانی وڵات، زێدەباری گەشەپێدانی هوشیاریی گشتی بە شێوازەکانی بەکارهێنانی نمونەیی و باشتری بەرهەمە گەشتیارییەکان. (محمد خطاب،2016: 68)

### پ. ئامانجە ئابورییەکان

ناساندنی دەرفەتەکانی وەبەرهێنانی بەردەست لە بوارە جیاوازەکانی پیشەسازیی گەشتیاریدا. هەروەها ناساندنی دەرفەتە ئەرکدارییە بەردەستەکان لە پیشەسازیی گەشتیاری و هاندانی لاوان بۆ سودوەرگرتن لێی. (مساعد، 2014: 100)

### ت. ئامانجە ڕۆشنبیرییەکان

بە کولتوری ڕۆشنبیریی ماددی و نامادی وڵات دەناسرێتو پشتگیری و ڕێزگرتن لەو گەشتیارانەی خەڵکی وڵات نینو بەخشینی زانیاریی تایبەتمەندی کۆمەڵگەو ڕۆشنبیرییەکەی، هەروەها هاندانی پارێزگاریکردن لە هونەرەکانی و پیشەسازی و پیشە نەریتییەکانیشی. (ربیحە، 2017: 24)

### ج. ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان

ئامانجی کۆمەڵایەتی پشتگیریی ئاراستەی کۆمەڵایەتی دەکات بەرەو پیشەسازیی گەشتیاری و کار لەسەر سازو ئامادەکردنی کۆمەڵگە دەکات بۆ پەسەندکردنی گەشتیارییە پێی تێگەیشتنی خۆی کە بەرزترین ئاستی دەسەڵات لە وڵاتدا بڕیاری لەسەر دەدات، زێدەباری ئەوەی کار لەسەر بەهێزکردنو ڕێزگرتنی هاووڵاتیان دەدات بۆ بواری گەشتیارییە هەمو دەستەو توێژو جۆرەکانیانو مامەڵکردن بە شێوەیەکی باش لە ڕوانگەی میواندارییکردنێکی پڕ لە ڕێزو خۆشەویستییەوە. (بلبلیدیە، 2018: 154)

## 4. بایەخی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی:

بایەخی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی لە سروشتی تایبەتی پیشەسازیی گەشتیارییەوە دێت، ئەنجامدانیشی بەشدارێکردنێکی گرنگە لە گەشەپێدانی ئابورییەکانی کاری گەشتیاریی لە میانی ئاشکراکردنو دۆزینەوەی دەرفەتەکانی بەرهەمهێنان لە بوارەکەو پەخشکردنی گیانی ململانێ لە نێوان ناوچە گەشتیارییەکانو وەبەرهێنەران بە مەبەستی پەرەپێدانی بەرهەمە گەشتیارییەکانیان. (سعید،2011: 39)بۆیە لە لایەنی ئابورییەوە، بە جۆرێك بایەخەکەی چەند قات دەبێت لە سایەی

بونی داخوازیی شاراوە لەسەر گەشتیاری، کە دەکرێ لە میانی تواناکانی ڕاگەیاندنو بەکارهێنانی پەیوەندیکردنی بازاڕکارییەوە بگۆڕدرێت بۆ داخوازییەکی چالاك. (قواسم، 2020، 163)

## بایەخی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی ناوخۆیی

گەشتیاریی ناوخۆیی لە هەر وڵاتێك بە بەشێکی گرنگو بنەڕەتیی چالاکییەکانی بزوتنەوەی گەشتیاریی دادەنرێت، زێدەباری ئەوەی گەشتیاریی ناوخۆیی ئەنجامی دەدات لە پشتگیریکردنی گیانی وابەستەیی و پابەندبون لای هاووڵاتیان لە میانی زانینو ناسینی دەستکەوتە گەشتیارییەکان لە وڵاتەکانیانو بەستنەوەو گرێدانی بە کولتورو شوێنەوارە گەشتیارییە ناوخۆییەکان، کە بەشێکی بەرچاویش لە داهاتی گەشتیارییبەدەست دەهێنێت، نەخاسمە لەو کاتانەی بزوتنەوەی گەشتیارییبیانی توشی کەسادو لاوازی دەبن، ئەوکاتە گەشتیارییناوخۆیی ڕۆڵی زیاتری دەبێت (سامی، 2000: 88)

## 5. کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر کەرتی گەشتیاری:

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بەرەوپێشچون و گەشەسەندنی کەرتی گەشتیاریدا، چونکە "ئامرازەکانی میدیا بەشدارییەکی کارایان هەیە لە چالاککردنی کەرتی گەشتیاریی و لەوانە پاراستنی (سروشت و ژینگە)" ( S Praveen kumar، 188: 2014) "کولتور و پەرەپێدانی هۆشیاری و بنیاتنانی وێنەی وڵات و پێداویستیەکانی گەشتیاریی ناوخۆیی". Gebrehiwot )، (16 :2018 ، هەر بۆیەش ئەو پەیوەندییە لە نێوان "هۆیەکانی میدیا و گەشتیاریی زۆر گرنگە، کەرتی گەشتیاریی پشت بە هونەر و کەرستە میدیاییەکان دەبەستێت، چونکە بڕیاری گەشتیار زۆرجار لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن، کە وا دەکات گەشتیار ڕو لەو شوێنانە بکات تاوەکو کاتێکی خۆش لێی بە سەر ببات".Rao) ، 2017: 36)

ڕۆڵ و کاریگەری تەلەڤزیۆن لە بواری گەشتیاریی ڕۆڵێکی دوانەیی دەبینێت، چونکە یارمەتیی چالاك کردنی گەشتیاریی دەدات لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی هوشیاریی گەشتیاریی لای هاووڵاتییانی ناوخۆیی و زیاترکردنی زانینو زانیارییەکانیان دەربارەی شوێنە گەشتیارییە جیاوازەکان لە وڵاتو هاندانیان بۆ مامەڵەکردنی باش لەگەڵ گەشتیاران، تاکو وایان لێ بکەن بۆ جاری دیکەش سەردانی وڵات بکەنەوە، هەروەها ناوەڕۆکی گەشتیاریی تەلەڤزیۆنی یامرەتیی هاندانی گەشتیاریین ێودەوڵەتی دەدات لە سەرنجڕاکێشانو بانگهێشت کردنیان بۆ گەشتکردن لە وڵات، لەمەشدا ڕۆڵی ڕاگەیاندنی گەشتیاری ڕۆڵێکی بەرچاوەو ئاسانکاری زۆر پێشکەشی گەشتیاران دەکاتو هەر لە ڕێگەی ئەو ڕاگەیاندنەوەش گەشتیاران زانیاریی تەواو لەسەر شوێنە گەشتیارییەکانو مێژوییەکانی ئەو وڵاتەی گەشتی بۆ دەکەن کۆدەکەنەوە. ئەمەش دەبێتە هاندەرێك بۆ بڕیاردان لەسەر گەشتکردنیان بۆ ئەو وڵاتەی ڕێکلامی بۆ دەکرێت.(أمانی، 2017، 94.)

## 6. کاریگەریی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی لەسەر تاک و کۆمەڵ:

میدیا هەوڵ دەدات "تێگەیشتنی جەماوەر بۆ شوێنە گەشتیارییەکان دروست بکات لەوەش گرنگتر کاریگەری لەسەر بەکارهێنەرانی ئەو شوێنە گەشتارییە دروست بکات، کە ئامانجیەتی گەشەی پێ بدات و بوژانەوە بە خۆیەوە ببینیت (Mansson، (49: 2015 ، هەر بۆیە لە نێوان گەشتیاریی و ئامرازەکانی میدیا پەیوەندیەکی بەهێز هەیە، میدیا کاریگەری زۆری لەسەر کەرتی گەشتیاریی هەیە". Kumari)، (20 :2017 ئەمە وای کردوە "کارلێکەر لەسەر گەشتیار دروستبکات و بڕیاری گەشت بدات و زانیاری کۆبکەنەوەو سەیران و گەشت بکەن، ئەمەش کاریگەری لەسەر بوژانەوەی ئابوری و وڵات و پیشەسازی و گەشەسەندنی گەشتیاریی دروست دەکات".Al-khasawneh Nermmin)، -Al Hrout Shadi and Ibrahim Hussien M، 2018: 38)

جەماوەری میدیای گەشتیاریی لە دو جۆرە پێکدێن، یەکەمیان جەماوەری نێوەندگیر کە ڕێکخەرانی گەشتە گەشتیارییەکانو کۆمپانیاکانی گەشتکردن دەگرێتەوە. دوەمیشیان جەماوەری گەشتیارەو جەماوەری گەشتیاریناوخۆو دەرەوە دەگرێتەوە، ئەوانیش کۆمەڵەی گەشتیارینو لە دەستەی جیاواز جیاواز پێکدێن لە ڕوی داهاتو ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە.ئەرکی جەماوەری میدیای گەشتیاریی بریتییە لە پێشوازیکردنی پەیامی ڕاگەیاندن بە شێوەی هێما کە بێژەو ئاماژەو دەنگیش دەگرێتەوە، پاشان وەرگێڕانی ئەو هێمایانە کە لە نێرەرەوە گەیشتونو بەستنەوەو گرێدانی نێوان هەر هێمایەكو واتاکەی و لە کۆتاییشدا گۆڕینی ڕەفتارەکەی بەو ئاراستەیەی کە ئەو هێمایانە کێشاویانەو مەبەستیانە".(طارق علی العیثاوی، 39)

## سێیەم: کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشیتارییەکان

### 1. سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

لە سەرەتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان سەریان هەڵدا، گەلی کوردیش وەك هەمو گەلانی دیکەی جیهان ویستی پەیامی خۆی لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە بگەیەنێت. بۆیە یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردیی بە ناوی "میدیا تی ڤی" لە فەرەنسا دەستی بە پەخشی خۆی کرد و دواتر لە باشوری کوردستان و لە ساڵی (1999)ەوە یەکەم کەناڵی ئاسمانی لە ڕێگەی پەخشی کەناڵی کوردستان تیڤییەوە دامەزرا". (مەحمود، 2013: 193)، ئەم کەناڵەش لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزراو یەکەم پەخش و بەرنامەشی لە (1999/1/17) دەستپێکرد. (مەغدید، 2012: 261)، دواتر کەناڵی کوردسات (Kurdsat)بە دوەمین کەناڵی ئاسمانی کوردیی دادەندرێت، کە لە لایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە لە (2000/1/1) دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد. (عبدالصمد،2010: 92)، هەروەها کەناڵی زاگرۆس (Zagros. TV) لە ڕێکەوتی (2005/6/13) لە شاری هەولێر لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزرا. (ابراهیم، 2007: 125)، دواتر کەناڵێکی تر بە ناو "ڤین تیڤی (VIN. TV) وەك یەکەم کەناڵی میوزیکی کوردیی باشوریی کوردستان لە ڕێکەوتی (2007/7/15) لە شاری دهۆك دەستی بە پەخشی خۆی کرد". (ئەحمەد، 2017: 49).

"ساڵێک دواتر کەناڵی گەلی کوردستان (Gali Kurdistan) کرایە کەناڵێکی ئاسمانی و لە ڕێکەوتی (2008/3/5) دەستی بە پەخشی ئەزمونی کرد و دوای ئەوە لە ڕێکەوتی (2009/6/1) دەستیکردەوە بە پەخشی بەرنامەکانی، خاوەندارێتیی کەناڵەکە بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەگەڕێتەوە". (دیاری، 2010: 153)، هەر لە هەمان ساڵ "کەناڵی نەورۆز (Nawroz) لە (2008/8/1) دامەزرا، کە یەکەم کەناڵی ئاسمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بو، تەمەنی ئەم کەناڵە دو ساڵ بو لە ڕێکەوتی (2010/6/1) پەخشەکەی وەستا. هەندێك لە کارمەندانی لەگەڵ تەواویی کەلوپەلی ناو ستۆدیۆیی درا بە پەرلەمانی کوردستان و ناوەکەشی گۆڕدرا بو بە کەناڵی ئاسمانی پەرلەمانی کوردستان (KPC) لە ڕێکەوتی (2011/3/1) دەستی بە پەخشی خۆی کردەوە، دواجار لە ڕێکەوتی (2013/4/1) جارێکی تر پەخشەکەی وەستا". (سێرگێی، مەغدید، 2013: 10،1012)دوای "کەناڵی نەورۆز کەناڵێکی تر بە ناوی کەناڵی ئاسمانی جەماوەر (Jamawar) لە ڕێکەوتی (2008/11/1) لە شاری سلێمانی وەك زمانحاڵی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان (حسك) دامەزرا". (ارشد، 2016: 98) دوای حزبی سۆسیالیست کۆمەڵی ئیسلامی (دادگەری)یش بیری لە دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی کردەوە، ئەوە بو کەناڵی ئاسمانی پەیام (Payam) وەک یەکەمین کەناڵی ئاسمانی ئیسلامی لە ڕێکەوتی (2008/12/1) لەلایەن ئەو حزبە دامەزرا. (جوان، 2017: 24) پاشان "کەناڵێکی تری هەواڵی لە لایەن کۆمپانیای "وشە" بە ناوی کەناڵی (کەی ئێن ئێن/KNN) کە یەکەم پەخشی خۆی لە ڕێکەوتی (2008/12/31) دەستپێکرد". (حکیم، 2013: 176) دوای کەناڵی "ئاسمانی پەیام کەناڵێکی تری ئیسلامی لە دایکبو ئەویش کەناڵی ئاسمانی سپێدە

(Speda)، كە لە ڕێكەوتی (2009/6/16) دەستی بە پەخشی خۆی كرد و خاوەنداریەتی كەناڵەكە دەگەڕێتەوە بۆ یەكگرتوی ئیسلامی كوردستان". (بەهات، 2016: 33).

لە هەرێمی كوردستان ساڵ دوای ساڵ كەناڵی ئاسمانی دامەزران، جگە لە پارتە سیاسییەكان گروپ و كۆمپانیای تر بیریان لە دامەزراندنی كەناڵی ئاسمانی كردەوە، "لە قۆناغێكی نوێ كەناڵی ئێن ئارِ تی (NRT) لە ڕێكەوتی (2011/2/17) لە شاری سلێمانی دەستی بە پەخشی خۆی كرد، خاوەنداریەتیەكەی بۆ گروپی كۆمپانیای "نالیا" دەگەڕێتەوە". (شاخەوان، مریوان، 2018: 157) لەگەڵ بەرەوپێشچونی شۆرشی تەكنۆلۆجیا و زانیاری و شاشەی ئیچ دی لە دایكبون، ئەم گۆڕانكارییە خێرایە وای كرد "لە ڕێكەوتی (2013/5/29) كەناڵی ئاسمانی ڕوداو (Rwdaw) لە شاری هەولێر دەستی بە پەخشی خۆی كرد". (دڵشاد، 2019: 94) ساڵێك دواتر "دەزگای میدیایی كوردسات كەناڵی كوردسات نیوز (Kurdsat News) لە (2014/3/15) دامەزراند، كە كەناڵێكی تایبەت بە هەواڵ و سیاسەتە". (هاوری، كاروان، 2017: 188) یەك مانگ دوای ئەو كەناڵە لە ڕێكەوتی (2014/4/20) كەناڵی ئاسمانی وارتیڤی (War t.v) لە شاری دهۆك دامەزرا. (بەشدار، 2020: 109) پاشان "كەناڵی ئاسمانی كوردستان24 لە ڕێكەوتی (2015/10/31) لە شاری هەولێر دامەزرا و بە زمانی كوردی هەواڵ و بەرنامەكانی پەخش دەكات". (جوان، 2022: 178).

**2. ڕۆڵی كەناڵە ئاسمانییەكان لە ئاراستەكردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەكان:** ڕۆڵی كەناڵە ئاسمانیەكان لە بواری گەشتیاریی "ڕۆڵی دوانەیی و پێكهاتەیی دەگێڕێت، بە جۆرێك یارمەتیی چالاككردنی گەشتیاریی دەدات لە میانی بەرزكردنەوەی بەهای هوشیاریی گەشتیاریی لای هاووڵاتیانی ناوخۆ و زیادكردنی زانین و زانیارییەكانیانو ناساندنی شوێنە گەشتیارییە جیاوازەكانی وڵات پێیانو هاندانیان بۆ مامەڵەكردنی باش لەگەڵ گەشتیارانو مێواندارییكردنیانو سەرنجڕاكێشانیان بۆ ئەوەی دوبارە سەردانی شوێنە گەشتیارییەكان بكەنەوە". (أمانی، 2017 :94).

زمانی گوزارشت لە ئێستای دونیای نوێدا ڕاگەیاندنە، هیچ پرۆسێسێك ئەگەر نەگاتە لای میدیا ئەوا ناگاتە لای كەس، ڕاگەیاندن سترەكچەری هەمو بوارە هونەری و كولتوری و پیشەساییەكان بە خەڵك ئاشكرا و ڕاڤەیان دەكات. هەر بۆیە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن بۆ كەرتی گەشتیاریی لە هەمو شت گرنگترە، چونكە لە ڕێگەی كەناڵەكانەوە ئاراستەی هاووڵاتیان دەكات، ئەگەر شوێنێكی گەورەو جوانی گەشتیاری هەبێت بە هەمو كەرەست و پێداویستییەكانەوە ئایا چۆن گەشتیار پێی دەزانێت. بۆیە بە تەنها میدیا دەتوانێت پێناسەی ئەو شوێنە بۆ هەمو لایەك بكات و بەبازاڕكردنی بۆ بكات، تاوەكو ژمارەیەك باش لە گەشتیار لە خۆی كۆبكاتەوە. (عەزیز، 201: 119)

**3. شوێنە گەشتیارییەكانی پارێزگای هەولێر:** لە سنوری ناوچەی توێژینەوە چەندین شوێنی گەشتیاری هەن، لە بەر زۆری تەنها ئاماژە بە ناوی بەشێك لە شوێنە گەشتیارییەكانی پارێزگای هەولێر دەكەین ئەوانیش:

(بێخاڵ، جوندیان، گەلی عەلی بەگ، شنگلبانە، تەلەفریكی كۆرەك، شوێنە گەشتیارییەكانی وەرتێ، ڕێزان، گوندی خۆشكانی گەشتیاری، سەكران، پرۆژە، كانیبەست، حاجی ئۆمەران، شەقڵاوە، هیران، كۆساری گەشتیاریی، پرۆژە گەشتیارییەكانی ئاشتی، فامیلی مۆڵ، ماجیدی مۆڵ، دۆڵی ڕوست، دۆڵی مەلەكان، پاركی سامیی عەبدورحمان، پاركی شانەدەر، پاركی منارە، ناشناڵ پاركی هەڵگۆرد – سەكران، ناوچەی پارێزراوی بارزان، گۆمی ڤێلاو، بێرمەسارد، بێرمی دینداران، ئەشكەوتی شانەدەر، ئەشكەوتە بەستون، مەزاری ڕەبەن بۆیا، مەزارگەی مەرێینە قەدیشە، قەیسەری هەولێر و كۆیە) قەڵاكان (هەولێر، كۆیە، خانزاد، دوین، دێرێ، ئیسقەڵا) هەروەها سەیرانگاكان (شێرەسوار، چنارۆك، هەنارە، تەوسكە، بێرۆیان، دەشتی هێرت، مەیدانۆكا). بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شوێنە گەشتیارییەكانی پارێزگای هەولێر بڕوانە، (دڵزار، 2014) و (نادر، 2011) و (ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی كوردستان، 2015)

## پاژی سێیەم: کردەنیینامەی توێژینەوەکە (پراکتیکنامە)

### دوەم: شیکردنەوەی ڕاپێوینامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: زانیارییە کەسییەکان

#### 1. ڕەگەز

ئەنجامەکان ڕونیدەکەنەوە؛ دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە کەسییەکان، لە ڕوی ڕەگەزەوە دەردەکەوێت، کە ڕەگەزی نێر بە پلەی یەکەم هاتوە و ڕەگەزی مێینە لە پلەی دوەم دێت. بەشداری کردنی هەردو ڕەگەز لە ڕاپێوینامەکە، ئامانج و دەرەنجامی توێژینەوەکە دەوڵەمەند تر دەکات، کەوا هەردو ڕەگەز گەشت دەکەن بۆ شوێنە گەشتیارییەکان. بڕوانە خشتەی (1)

**خشتەی (1): ڕەگەزی بەرتوێژان**

| ز | ڕەگەز | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 347 | 68.4 | یەکەم |
| 2 | مێ | 160 | 31.6 | دوەم |
| کۆی گشتی | | 507 | 100 | |

#### 2. تەمەن

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەدەن؛ ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (34–42) ساڵییە لە پلەی یەکەم دێن، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە (26-34) ساڵیدایە جیاوازییەکی کەم هەیە بە پلەی دوەم هاتوە، کەچی ئەوانەی تەمەنیان لە (50) ساڵ و سەروترە لە پلەی کۆتایی دێن. ئەمە ڕون دەبێتەوە، کە بەشداریکردنی گشت تەمەنێک بە پێی گروپاتی تەمەنی توێژینەوەکە، دەرەنجامی توێژینەوەکە بەهێزتر دەکات، بەڵام لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاوازە. بڕوانە خشتەی (2)

**خشتەی (2): تەمەنی بەرتوێژان**

| ز | تەمەن | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | (42-34) ساڵ | 151 | 29.8 | یەکەم |
| 2 | (34-26) ساڵ | 147 | 29 | دوەم |
| 3 | (26-18) ساڵ | 109 | 21.5 | سێیەم |
| 4 | (50-42)ساڵ | 64 | 12.6 | چوارەم |
| 5 | (50)ساڵ و سەروتر | 36 | 7.1 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | 507 | 100 | |

#### 3. باری کۆمەڵایەتی

بە گوێرەی ئەنجامی ڕاپێوییەکە؛ کە ئەوانەی مشتی توێژینەوەکە پێک دێنن، ڕێژە زۆرەکە بەر ئەوکەسانە کەوتوە، کە باری کۆمەڵایەتیان سەڵت و خێزاندارە، وەک لە ئەنجامەکان دیارە ئەوانەی خێزاندارن بەرزترین ڕێژەیان بەدەست هێناوە، بەڵام ئەوانەی سەڵتەن لە پلەی دوەم دێن، کەچی ئەوانەی جیابویەوەن و یاخود هاوسەریان مردوە، ڕێژەکە لە ئاستێکی زۆر نزم دایە بە بەراورد بە ئەوانی تر.

لەبەرئەوەی ڕێژەیەکی زۆری ئەو بەرتوێژانەی گەشتیان کردوە باری کۆمەڵایەتیان خێزاندارە، دوای ئەوانیش ئەوانە دێن کە سەڵتن، بەڵام ڕێژەیەکی کەمی ئەوانەی جیابویەوەن یان هاوسەریان مردوە، ڕویان لە گەشت و سەیران کردوە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی، کە هۆکار بێت بۆ کەمی گەشتکردنیان. بڕوانە خشتەی (3).

**خشتەی (3): باری کۆمەڵایەتی بەرتوێژان**

| ز | باری کۆمەڵایەتی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خێزاندار | 358 | 70.6 | یەکەم |
| 2 | سەڵت | 139 | 27.4 | دوەم |
| 3 | جیابویەوە | 8 | 1.6 | سێیەم |
| 4 | هاوسەر مردو | 2 | 0.4 | چوارەم |
| 5 | کۆی گشتی | 507 | 100 | |

### 4. ئاستی خوێندەواری

بەگوێری ئەنجامەکان؛ کە ڕونکردنەوەی ئاستی خوێندنی مشتی توێژینەوەیە و دەبینین هەمو ئاستەکان بەشدارن لە ڕێپوینامەکە، ئەوانە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە ڕێژەکەیان لە هەموی بەرزترە، کە بە ڕیزبەندی یەکەم هاتون، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی دبلۆمی باڵایان هەیە نزمترین پلەیان وەرگرتوە و لە پلەی کۆتایی دێن. بەشداری کردنی گشت ئاستەکان لەم ڕاپێوینامەیە گرنگی خۆی هەیە، هۆکارێکە بۆ دوڵەمەندکردنی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە.
ئەمە بەڵگەیە بۆ، ئەوەی کەوا بابەتی گەشتکردن پەیوەست نییە بە ئاستێکی خوێندن کەوا هۆکار بێت گەشت نەکات، یاخود زیاتر گەشت بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەرەنجامەکان دڵخۆشکەرن، چونکە ژمارەی بەرتوێژان لە گشت ئاستەکانی خوێندنی تێدایە، کەوا گەشت دەکەن بۆ شوێنە گەشتیارییەکان. بڕوانە خشتەی (4)

**خشتەی (4): ئاستی خوێندەواری بەرتوێژان**

| ز | ئاستی خوێندەواری | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەکالۆریۆس | 247 | 48.7 | یەکەم |
| 2 | دبلۆم | 77 | 15.2 | دوەم |
| 3 | ماستەر | 72 | 14.2 | سێیەم |
| 4 | ئامادەیی | 72 | 14.2 | سێیەم |
| 5 | دکتۆرا | 18 | 3.6 | چوارەم |
| 6 | بنەڕەتی | 11 | 2.2 | پێنجەم |
| 7 | دبلۆمی باڵا | 10 | 2.0 | شەشەم |
| کۆی گشتی | | 507 | 100 | |

### 5. شوێنی نشتەجێبون

ئەنجامەکانی پیشانیدەدەن؛ کە گەشتیارانی سەرجەم پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان بەشدارن، ئەوانەی دانیشتویی سنوری پارێزگای هەولێرن بە پلەی یەکەم و پارێزگای سلێمانی لە پلەی دوەم هاتون، بەڵام هەر یەکە لە پارێزگای هەڵەبجەو ئیدارەی زاخۆ نزمترین ڕێژەیان تۆمارکردوە و لە پلەی کۆتایی دێن.

ئەمە هێمایە بۆ، ئەوەی کەوا لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان بەرتوێژان بەشداری ڕاپیۆینامەکەیان کردوە، کە ئەمەش دەرەنجامێکی گرنگە بۆ وەرگرتنی سەرنج و بۆچونیان لەسەر ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان. بڕوانە خشتەی (5)

**خشتەی (5): شوێنی نشتەجێبونی بەرتوێژان**

| ز | شوێنی نشتەجێبون | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگای هەولێر | 181 | 35.7 | یەکەم |
| 2 | پارێزگای سلێمانی | 112 | 22 | دوەم |
| 3 | ئیدارەی سۆران | 60 | 11.8 | سێیەم |
| 4 | پارێزگای دهۆک | 53 | 10.5 | چوارەم |
| 5 | ئیدارەی ڕاپەڕین | 46 | 9.1 | پێنجەم |
| 6 | ئیدارەی گەرمیان | 25 | 4.9 | شەشەم |
| 7 | پارێزگای هەڵەبجە | 15 | 3.0 | حەوتەم |
| 8 | ئیدارەی زاخۆ | 15 | 3.0 | حەوتەم |
| کۆی گشتی | | 507 | 100 | |

## 6. ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان بە کەناڵە ئاسمانییەکان

ئەنجامەکان دەریدەخەن؛ کەوا ئەوانەی پشت بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن بۆ ئاراستەکردنیان بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر، چەند کەناڵێکن کە لە خشتەی خوارەوە ژمارەو ڕێژەیان دیارە، کەناڵی ئاسمانی ڕوداو بە پلەی یەکەم هاتوە، هەروەها کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24 لە پلەی دوەم و کەناڵی ئێن ئار تییش بە پلەی سێیەم هاتون. نزمترین ڕێژەش کەناڵی کەی ئێن ئینە و لە پلەی کۆتایی دێت.

ئەمە هێمایە بۆ، بونی جۆر و بواری کارکردن و بە جیاوازی خاوەندارێتی کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕاپیۆینامەکە هۆکار بوە بۆ ئەوەی بەرتوێژان بەشدارێکی کارایان هەبێت لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، کە بۆ گەشتکردنی شوێنە گەشتیارییەکان پشت بە کام کەناڵی ئاسمانی دەبەستن. بڕوانە خشتەی (6)

**خشتەی (6): ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان**

| ز | ناوی کەناڵ | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕوداو | 287 | 34.7 | یەکەم |
| 2 | کوردستان 24 | 122 | 14.8 | دوەم |
| 3 | ئێن ئار تی | 108 | 13 | سێیەم |
| 4 | کوردسات نیوز | 67 | 8 | چوارەم |
| 5 | کوردستان تیڤی | 62 | 7.5 | پێنجەم |
| 6 | سپێدە | 44 | 5.3 | شەشەم |
| 7 | کوردماکس | 38 | 4.6 | حەوتەم |
| 8 | وارتیڤی | 36 | 4.3 | هەشتەم |
| 9 | پەیام | 29 | 3.6 | نۆیەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 10 | گەلی کوردستان | 24 | 2.9 | دەیەم |
| 11 | کەی ئێن ئێن | 11 | 1.3 | یازدەیەم |
| کۆی گشتیی | | 828 | 100 | |

**دوەم: ئاستی پشتبەستن:**

7. لە ئەنجامەکانەوە ڕوندەبێتەوە؛ کەوا ئاستی پشتبەستنی گەشتیاران بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێرە، لە خانَی حەوت دەردەکەوێت، کە ئەوانەی دڵنیانین و نازانن پەیامی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرنگی بە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەدەن لە پلەی یەکەم هاتوە و هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین لە پلەی دوەم هاتون، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان بە پلەی سێیەم هاتون و ناوەندی ژمێریاریی بریتییە لە (2.1420) و لادانی پێوانەیی بریتییە لە (76196.).

8. ئەنجامەکان ڕونی دەکەنەوە؛ لە کۆی مشتی وەرگیراو ئەوانەی دڵنیانین و نازانن کەوا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، توانییویانە بابەتە گەشتیارییەکان و ڕیکلامکردن بۆ مەبەستی کات بەسەربردن بەکاربهێنن بە پلەی یەکەم دێت و ئەوانەی لەگەڵیدانین لە پلەی دوەم هاتوە و بە پێچەوانەوەو ئەوانەی لەگەڵیدان لە پلەی سێیەم دێن و هەرچی ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (2.0769) و لادانی پێوانەی (78019.).

9. ئەنجانەکان پیشانیدەدەن؛ ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدانین کەوا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان توانیویانە دیمەنی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر بە ڕاست و دروستی نیشان بدەن لە پلەی یەکەم دێن، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان لە پلەی سێیەم دێت و ناوەندی ژمیریاری بریتییە لە (2.0809) و لادانی پێوانەیی (83368.).

10. ئەنجامەکان دەریدەخەن؛ ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدانین کەوا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نەیانتوانیوە ئەو زانیارییانەی من پێویستم پێیان هەیە دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر بۆم دەستەبەر بکەن لە پلەی یەکەم هاتوە، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان لە پلەی سێیەم هاتوە و ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (2.1953) و لادانی پێوانەی (81932.).

11. ئەنجامەکان نیشانیدەدەن؛ ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدانین کەوا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵیان لە پاراستنی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر هەیە لە پلەی یەکەم هاتوە، کەچی هەردو ڕادەی لەگەڵیدام و دڵنیانیم بە پلەی دوەم و سێیەم دێن ڕێژەکەیان لە یەکتر نزیکە، هەروەها ناوەندی ژمیریاری بریتییە لە (2.0178) و لادانی پێوانەیی (82313.) بڕوانە خشتەی (7)

توێژەران پێیانوایە؛ بە پێی ئەنجامی خشتەی خوارەوە، ئاستی پشتبەستن ڕون دەکاتەوە، بۆمان دەردەکەوێت لە کۆی مشتی توێژینەوە، زۆرینەی لەگەڵ ئەوەدانین کەوا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ڕوی پەیام و گرنگیدان بە شوێنە گەشتیاریەکان و ڕیکلامکردن و نیشاندنی دیمەنی جوانی شوێنە گەشتیارییەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری و پاراستنی شوێنە گەشتیارییەکان وەک پێویست نەبوە، نەیان توانیوە ئەو ڕۆڵە بگێرن تاوەکو گەشتیار پشت بە کەناڵەکان ببەستێ، ئەمەش ئەوە دەردەخات بۆشایی هەیە لە نێوان گەشتیار و کەناڵەکان.

**خشتەی (7): ئاستی پشتبەستنی گەشتیاران بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ شوێنە گەشتیارییەکان**

| ز | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام | | نازانم (دڵنیانیم) | | لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | % | د | % | د | % | | |
| 7 | پەیامی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرنگی بە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەدەن. | 116 | 22.9 | 203 | 40.0 | 188 | 37.1 | 2.1420 | .76196 |
| 8 | کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، توانییویانە بابەتە گەشتیارییەکان و ڕیکلامکردن بۆ مەبەستی کات بەسەربردن بەکاربهێنن. | 136 | 26.8 | 196 | 38.7 | 175 | 34.5 | 2.0769 | .78019 |
| 9 | کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان توانیویانە دیمەنی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر بە ڕاست و دروستی نیشان بدەن. | 157 | 31.0 | 152 | 30.0 | 198 | 39.1 | 2.0809 | .83368 |
| 10 | کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نەیانتوانیوە ئەو زانیارییانەی من پێویستم پێیان هەیە دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر بۆم دەستەبەر بکەن. | 130 | 25.6 | 148 | 29.2 | 229 | 45.2 | 2.1953 | .81932 |
| 11 | کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵیان لە پاراستنی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر هەیە. | 167 | 32.9 | 164 | 32.3 | 176 | 34.7 | 2.0178 | .82313 |

**سێیەم: ئاراستەکردن**

**ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.**

12. ئەنجامەکانی ڕاپێوییەکە ڕونیدەکەنەوە؛ ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدانین کەوا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵیان هەبێت لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان پارێزگای هەولێر بە پلەی یەکەم هاتوە و بەڵام ئەوانەی دڵنیانین لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کەوا ڕۆڵیان هەیە لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان پارێزگای هەولێر لە پلەی دوەم دێت و ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (2.2604) و لادانی پێوانەیی برتییە لە (.81444)

13. ئەنجامەکان ئاماژە بەوەدەدەن؛ کەوا ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدانین کە کەناڵە ئاسمانییەکان کوردییەکان توانیویانە سەرنجی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکان ڕابکێشن لە پلەی یەکەم دێت و و بە پێچەوانەوە ئەوانەی لەگەڵیدان بە پلەی دوەم دێت کە ڕێژەکەی بریتییە لە (25.2%) و ناوەندی ژمیریاری بریتییە لە (2.2446) و لادانی پێوانەیی بریتییە (.83130)

14. ئەنجامەکان دەریدەخەن؛ ئەوانەی لەگەڵیدان کەوا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان سەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشێن بۆ ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی لە کەناڵەکە پەخش دەکرێن دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکان لە پلەی یەکەم هاتوە و بە پێچەوانەوە ئەوانەی لەگەڵیدان بە پلەی سێیەم دێت و ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (2.3669) و لادانی پیوانەیی (.79495).

15. ئەنجامەکان نیشانیدەدەن؛ لە کۆی مشتی توێژینەوە زۆرینەی لەگەڵ ئەوەدانین کەوا کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕێگەی بەبازارکردن (التسويق) ڕۆڵیان نەبوە لە نیشاندانی وێنایەکی جوان لە شوێنە گەشتیارییەکان  تاوەکو گەشتیار ڕوی تێبکات، و بە پێچەوانەوە ئەوانەی لەگەڵیدان لە نزمترین ئاستدان و ناوەندی ژمێریاری ئەم ئەنجامە بریتییە لە (2.2347) و لادانی پێوانەی (.81375)یە.

16. لە ئەنجامەکانەوە دەرئەکەوێت؛ کەوا ئەوانەی لەگەڵ ئەوە نین، کە پەرەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان (سۆشیال میدیا)ی کەناڵە ئاسمانییەکان ڕۆڵیان لە بەبازارکردنی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر هەیە بە پلەی یەکەم دێت و بە پێچەوانەوە ئەوانەی لەگەڵیدان لە پلەی سێیەم هاتون و ناوەندی ژمیریاری بریتییە لە (2.3787) و لادانی پێوانەیی بریتییە لە (.76650) بڕوانە خشتەی (8)

ئەنجامەکان دەربارەی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر و ڕاکێشانی گەشتیار و سەرنجراکێشان یاخود پەرەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی کەناڵەکان و بە بازارکردن، ئەوە ڕون بۆتەوە کەوا کەناڵەکان وەک پێویست نەیان توانیوە ئەو ڕۆڵە بگێرن، چونکە لە گشت برگەکان زۆرینەی لەگەڵ ئەوەدانین کەوا کەناڵەکان توانیبێتیان ئەو ڕۆڵە بگێرن.

بە بڕوای توێژەران؛ هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا میدیایی بیندراو لە هەرێمی کوردستان لە ڕوی ناوەرۆک و بایەخدان بە شوێنە گەشتیارییەکان لە ئاست خواستی گەشتیاران نەبوە، دەکرێت لە ئایندە بیر لەوە بکەنەوە لە ڕوی ناوەرۆک و بایەخەدانی بە کەرتی گەشتیاری لە سنوری ناوچەی توێژینەوە زۆر زیاتر بێت، تاوەکو سود بە گەشتیار و کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بهێندرێت.

**خشتەی (8): ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.**

| ز | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام | | نازانم (دڵنیانیم) | | لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | % | د | % | د | % | | |
| 12 | کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵیان هەیە لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان پارێزگای هەولێر. | 119 | 23.5 | 137 | 27.0 | 251 | 49.5 | 2.2604 | .81444 |
| 13 | کەناڵە ئاسمانییەکان کوردییەکان توانیویانە سەرنجی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکان ڕابکێشن. | 128 | 25.2 | 127 | 25.0 | 252 | 49.7 | 2.2446 | .83130 |
| 14 | کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان سەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشێن بۆ ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی لە کەناڵەکە پەخش دەکرێن دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکان. | 101 | 19.9 | 119 | 23.5 | 287 | 56.6 | 2.3669 | .79495 |
| 15 | کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕێگەی بەبازارکردن (التسویق) ڕۆڵیان نەبوە لە نیشاندانی وێنایەکی جوان لە شوێنە گەشتیارییەکان تاوەکو گەشتیار ڕوی تێبکات. | 122 | 24.1 | 144 | 28.4 | 241 | 47.5 | 2.2347 | .81375 |
| 16 | پەرەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان (سۆشیال میدیا)ی کەناڵە ئاسمانییەکان ڕۆڵیان لە بەبازارکردنی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر هەیە. | 89 | 17.6 | 137 | 27.0 | 281 | 55.4 | 2.3787 | .76650 |

**چوارەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکان**

**1. گریمانەی توێژینەوە لە چوارچێوەی تیۆریی (پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن):**

1. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز)ی بەرتوێژان (گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

ئەنجامەکانی گریمانە دەریدەخەن؛ پەیوەندیی نێوان (ڕەگەز)ی بەرتوێژان و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کایی (Chi-square test)، دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان (ڕەگەز) و (ئاستی پشتبەستن بە کەناڵی ئاسمانییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری گەشتیاریی دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر) لەبەرئەوەی ئاستی بەڵگەداری (p-value) دەکاتە (0.043) وە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05). بڕوانە خشتەی (9)

**خشتەی (9): پەیوەندیی نێوان ڕەگەز و ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان**

| ڕەگەز / ناوی کەناڵ | | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| کوردستان تیڤی | د | 49 | 13 | 62 |
| | % | 79 | 21 | 100 |
| کوردسات نیوز | د | 50 | 17 | 67 |
| | % | 74.6 | 25.4 | 100 |
| سپێدە | د | 32 | 12 | 44 |
| | % | 72.7 | 27.3 | 100 |
| پەیام | د | 24 | 5 | 29 |
| | % | 82.8 | 17.2 | 100 |
| ئێن ئار تی | د | 71 | 37 | 108 |
| | % | 65.7 | 34.3 | 100 |
| ڕوداو | د | 201 | 86 | 287 |
| | % | 70 | 30 | 100 |
| کوردستان 24 | د | 90 | 32 | 122 |
| | % | 73.8 | 26.2 | 100 |
| کەی ئێن ئێن | د | 10 | 1 | 11 |
| | % | 90.9 | 9.1 | 100 |
| گەلی کوردستان | د | 18 | 6 | 24 |
| | % | 75 | 25 | 100 |
| کوردماکس | د | 18 | 20 | 38 |
| | % | 47.4 | 52.6 | 100 |
| وارتیڤی | د | 28 | 8 | 36 |
| | % | 77.8 | 22.2 | 100 |
| کۆی گشتی | د | 591 | 237 | 828 |
| | % | 71.3 | 28.7 | 100 |
| **تاقیکردنەوەی کایی** | | **20.158** | **ئاستی بەڵگەداری** | **0.043** |

2. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (تەمەن)ی بەرتوێژان (گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

بەگوێرەی ئەنجامی گریمانەکە؛ پەیوەندیی نێوان (تەمەن)ی بەرتوێژان و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کایی ( Chi-square test)، دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان (تەمەن) و (پشتبەستن بە کەناڵی ئاسمانیە کوردییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری گەشتیاریی دەربارەی شوێنە

گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر) لە بەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (p-value) دەکاتە (0.002) وە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05). بڕوانە خشتەی(10)

**خشتەی (10): پەیوەندیی نێوان تەمەن و ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان**

| تەمەن / ناوی کەناڵ | | 26 – 18 | 34 – 26 | 42– 34 | 50 – 42 | (+50) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوردستان تیڤی | د | 6 | 15 | 30 | 10 | 1 | 62 |
| | % | 9.7 | 24.2 | 48.4 | 16.1 | 1.6 | 100 |
| کوردسات نیوز | د | 5 | 19 | 25 | 10 | 8 | 67 |
| | % | 7.5 | 28.4 | 37.3 | 14.9 | 11.9 | 100 |
| سپێدە | د | 3 | 14 | 12 | 9 | 6 | 44 |
| | % | 6.8 | 31.8 | 27.3 | 20.5 | 13.6 | 100 |
| پەیام | د | 3 | 13 | 7 | 4 | 2 | 29 |
| | % | 10.3 | 44.8 | 24.1 | 13.8 | 6.9 | 100 |
| ئێن ئار تی | د | 38 | 25 | 24 | 12 | 9 | 108 |
| | % | 35.2 | 23.1 | 22.2 | 11.1 | 8.3 | 100 |
| ڕوداو | د | 57 | 84 | 92 | 37 | 17 | 287 |
| | % | 19.9 | 29.3 | 32.1 | 12.9 | 5.9 | 100 |
| کوردستان 24 | د | 20 | 36 | 48 | 13 | 5 | 122 |
| | % | 16.4 | 29.5 | 39.3 | 10.7 | 4.1 | 100 |
| کەی ئێن ئێن | د | 1 | 5 | 2 | 1 | 2 | 11 |
| | % | 9.1 | 45.5 | 18.2 | 9.1 | 18.2 | 100 |
| گەلی کوردستان | د | 3 | 8 | 6 | 4 | 3 | 24 |
| | % | 12.5 | 33.3 | 25 | 16.7 | 12.5 | 100 |
| کوردماکس | د | 9 | 13 | 10 | 6 | 0 | 38 |
| | % | 23.7 | 34.2 | 26.3 | 15.8 | 0 | 100 |
| وارتیڤی | د | 8 | 9 | 11 | 6 | 2 | 36 |
| | % | 22.2 | 25 | 30.6 | 16.7 | 5.6 | 100 |
| کۆی گشتی | د | 153 | 241 | 267 | 112 | 55 | 828 |
| | % | 18.4 | 29.1 | 32.2 | 13.6 | 6.7 | 100 |
| **تاقیکردنەوەی کای** | | | | **75.219** | **ئاستی بەڵگەداری** | | **0.002** |

3. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (باری کۆمەڵایەتی)ی بەرتوێژان (گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

لە ئەنجامەکانەوە ڕونبۆتەوە؛ پەیوەندیی نێوان (باری کۆمەڵایەتی)ی بەرتوێژان و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کایی ( Chi-square test)، دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری نیە لە نێوان (باری کۆمەڵایەتی) و (پشتبەستن بە کەناڵی ئاسمانیە کوردییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری گەشتیاریی دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر)، لە بەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (p-value) دەکاتە (**0.077**) وە گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05). بڕوانە خشتەی (11)

**خشتەی (11): پەیوەندیی نێوان باری کۆمەڵایەتی و ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان**

| باری کۆمەڵایەتی / ناوی کەناڵ | | سەڵت | خێزاندار | جیابویەوە | هاوسەر مردو | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوردستان تیڤی | د | 15 | 47 | 0 | 0 | 62 |
| | % | 24.2 | 75.8 | 0 | 0 | 100 |
| کوردسات نیوز | د | 15 | 50 | 1 | 1 | 67 |
| | % | 22.4 | 74.6 | 1.5 | 1.5 | 100 |
| سپێدە | د | 8 | 35 | 1 | 0 | 44 |
| | % | 18.2 | 79.5 | 2.3 | 0 | 100 |
| پەیام | د | 7 | 22 | 0 | 0 | 29 |
| | % | 24.1 | 75.9 | 0 | 0 | 100 |
| ئێن ئار تی | د | 43 | 63 | 2 | 0 | 108 |
| | % | 39.8 | 58.3 | 1.9 | 0 | 100 |
| ڕوداو | د | 76 | 205 | 5 | 1 | 287 |
| | % | 26.5 | 71.4 | 1.7 | 0.3 | 100 |
| کوردستان 24 | د | 32 | 88 | 2 | 0 | 122 |
| | % | 26.2 | 72.1 | 1.6 | 0 | 100 |
| کەی ئێن ئێن | د | 4 | 7 | 0 | 0 | 11 |
| | % | 36.4 | 63.6 | 0 | 0 | 100 |
| گەلی کوردستان | د | 6 | 18 | 0 | 0 | 24 |
| | % | 25 | 75.0 | 0 | 0 | 100 |
| کوردماکس | د | 8 | 27 | 2 | 1 | 38 |
| | % | 21.1 | 71.1 | 5.3 | 2.6 | 100 |
| وارتیڤی | د | 13 | 23 | 0 | 0 | 36 |
| | % | 36.1 | 63.9 | 0 | 0 | 100 |
| کۆی گشتی | د | 227 | 585 | 13 | 3 | 828 |
| | % | 27.4 | 70.6 | 1.6 | 0.4 | 100 |
| تاقیکردنەوەی کایی | | | **45.182** | ئاستی بەڵگەداری | | **0.077** |

**دەرەنجامی ڕاپێوپی**

لە کۆتایی توێژەران گەیشتونەتە چەند دەرەنجامێکی گرنگ لەوانە:-

1. لە کۆی مشتی توێژینەوە ئەوانەی پشت بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبەستن بۆ ئاراستەکردنیان بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر لە کۆی گشت کەناڵەکان کەناڵی "روداو" پلەی یەکەمی بە دەست هێناوە، کۆتا کەناڵیش بۆ پشتبەستن بە شوێنە گەشتیارییەکان کەناڵی (کەی ئێن ئێن)ە دێت.
2. کەمی و لاوازی بابەتە گەشتیارییەکان و ڕیکلامکردن لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە مەبەستی گەشتکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.
3. لاوازی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.
4. زۆرینەی مشتی توێژینەوەی پێیانوایە کەناڵە ئاسمانییەکان کوردییەکان نەیان توانیویانە سەرنجی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر ڕابکێشن.
5. لە ئەنجامەکان دەرکەوتوە کەوا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان سەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشێن بۆ ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی لە کەناڵەکە پەخش دەکرێن دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکان.
6. بەشێکی زۆری مشتی توێژینەوە بۆچونیان وایە کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕێگەی بەبازارکردن (التسویق) ڕۆڵیان هەبوە لە نیشاندانی وێنایەکی جوان لە شوێنە گەشتیارییەکان تاوەکو گەشتیار ڕوی تێبکات.

**دەرەنجامی گریمانەکان**

توێژەران لە تاقیکردنەوەی گریمانەکان گەیشتونەتە چەند دەرەنجامێکی گرنگ لەوانە:

1. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز)ی بەرتوێژان (گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

2. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (تەمەن)ی بەرتوێژان (گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

3. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە نیە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (باری کۆمەڵایەتی)ی بەرتوێژان (گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ئاستی پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

**ڕاسپاردە**

توێژەران لە بەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان چەند ڕاسپاردەیەکیان خستۆتەڕو:

1. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم پلان و ستراتجی خۆیان زیاتر بخەنەگەڕ بۆ گەشەسەندنی کەرتی گەشتیاریی لە سنوری پارێزگای هەولێر، لەو نێوانەشدا، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەهەندوەربگرن.

2. پێویستە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زیاتر کار لەسەر تەواوی ژانر و ناوەڕۆک و پەیامەکان دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکان بکەن و، لە شاشەکانیان ڕەنگبدەنەوە، تاوەکو کاریگەریان زیاتر بێت.

3. پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم داوا لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بکەن، کە لە ڕێگەی (فیلم، کورتە فیلم، دراما، دۆکیۆمێنتاری، کاری میدیایی و هونەرییەکان)ی دیکە لە شوێنە گەشتیارییەکان ئەو بەرهەمانە ئەنجام بدەن، وەک چۆن کەناڵە ئاسمانییە بیانییەکان لەو ڕێگەیەوە کار لەسەر ڕاکێشانی گەشتیار دەکەن بۆ وڵاتەکانیان.

## پێشنیار

توێژاران لە داهاتو هەوڵ بدەن جیا لە تەلەڤزیۆن توێژینەوەی دیکە لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری (سەکۆکانی سۆشیاڵمیدیا) لەسەر گەشتیار و کەرتی گەشتیاریی و ئاستی گرنگیپێدانی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکان ئەنجام بدەن.

### سەرچاوەکان


دلزار حەسەن، (2014) ئینسکلۆپیدیایی گەشتیاری هەولێر، بڵاوکراوەی پارێزگای هەولێر، هەولێر.
ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، (2015) لە بڵاوکراوەکانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.

سێرگێی میخایلۆڤ، مەغدید سەپان، (2013)، پەیامنێری تەلەڤزیۆن، چ1، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.

عەزیز عەلی جەوهەر، (2016) تێرامان لە گەشتوگوزار وەك سەرمایەکی نەتەوەیی، چاپخانەی ژیار، سلێمانی.

مەحمود وەندی، (2013)، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە دواندنی کوردانی تاراوگە، و: ڕابەر ڕەشید، چ1، کەرکوك، چاپخانەی کارۆ.

مەغدید سەپان، (2012)، ئەوانەی ڕۆژنامەنوس پێویستە بیانزانێ، چ1، کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

نادر ڕوستی، (2011) گەشتێک بۆ گەشتوگوزار، چاپخانەی ڕۆکسنا، هەولێر.

ئەحمەد قادر علی، (2017) ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا)، نامەی ماستەر، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

ارشد خلیل اسعد، (2016)، پشتبەستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچون لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەددین/هەولێر.

بەشدار حوسێن محەمەد، (2020)، کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن.. تەلەڤزیۆن و بەها کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، (بڵاوکراوە) چ1، هەولێر، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

جوان عثمان حمەامین، (2017)، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە ئیسلامییەکان لەسەر لابونی نەتەوایەتی لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

جوان جەلالەدین محێدین، (2022)، ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەددین/هەولێر.

دڵشاد مستەفا سلێمان، (2019)، پەیوەندیی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران، نامەی ماستەر (بڵاوکراوە) چ1، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

دیاری عوسمان عارف، (2010)، هونەری بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر (بڵاوکراوە) بەشی ڕاگەیاندن، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

سایە دلاوەر محەمەد، (2016) کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی چالاکی گەشت و گوزار کێشە ژینگەییەکانی شاری شەقڵاوە وەك نمونە، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەددین/هەولێر.

بنيامين يوخنا دانيال، (2006) المغريات السياحه، دار أدى شير للنشر والاعلام، اربيل.

حكيم عثمان حميد، (2013)، دور تكنولوجيا الاتصال في تطوير العمل الآعلامي في وسائل الاعلام الكردستانية، ط1، السليمانية، دار سردم للطباعة والنشر، كردستان.

خالد بن عبدالرحمن ال دغيم، (2014)، الإعلام السياحى وتنمەی السياحه والوطنيه، ط1، الاردن، دار أسامه للنشر والتوزيع، عمان.

سامى الشريف، (2000) الإعلام السياحى المفهوم... والممارسه، دار الحريرى للطباعهت، القاهره، مصر.

طارق على العيثاوى، (2021) الترويج السياحى فى القنوات الفظائيه، دار امجد للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

عيساوى سهام، حو حو فطوم، (2017) واقع العرچ والطلب السياحى فى كل من الجزائر وتونس دراسه مقارنه، مجله اقتصاديات المال والاعمال.

فؤاد بن غظبان، (2015) السياحه البيئيه المستدامه بين النظريه والتطبيق، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

قواسم بن عيسى، (2020) الإعلام السياحى ودوره الاستراتيجى فى تحقيق التنميه السياحه المستدامه، المجله الدوليه أبحاث فى العلوم التربويه والإنسانيه والآداب واللغات، جامعه البصره.

محمد خطاب، (2016)، الإعلام السياحى واعلاقات العامه، ط1، الاردن، دار امجد للنشر والتوزيع.

محمد الفاتح محمود بشير المغربى، (2016)تسويق خدمات السياحه، دار الجنان للنشر والتوزيع، عمان.

مساعد بن منشط اللحيانى، (2014) الامن والسلامه السياحه، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

مى العبدالله، (2006) نظريات الاتصال، دار النهجه العربيه، بيروت، لبنان.

مرفت الطرابيشي، عبدالعزيز السيد، (2006) نظريات الاتصال، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر.

ابراهيم سليمان مصرى، علاء الدين محمد عياش، (2019) اعتماد الشباب على القنوات الفضائيه وتأثيرها على منظومه القيم الاجتماعيه، المجله الجزائريه للعلوم الاجتماعيه والإنسانيه، المجله 7، العدد2، الفلسطين.

أمانى رضا، (2017)الإعلام والسياحه، ط1. مصر، أطلس للنشر والإنتاج الإعلامى ش. م. م.

ابراهيم سعيد فتح الله، رساله الماجستير، (2007)، الوڤيفه الإخباريه للقنوات التلفزيونيه الفظائيه فى اقليم كوردستان، قسم الاعلام، كليه العلوم الانسانيه، جامعه السليمانيه.

بلبليديه فتيحه نور الهدى، (2018) الملامح التخطيط للإعلام السياحى ودورها ف تحقيق التنميه السياحه المستدامه، مجله الدراسات الإعلاميه، العدد الرابع، المركز الديموقراطى العربى، برلين، ئەلمانيا.

بەهات حسيب على قەرەداخى، اطروحه دكتوراه، (2016) العوامل المؤثره فى التغطيه الخبريه، قسم الإعلام، كليه الآداب، جامعه صلاح الدين/اربيل.

بلبخاري سامى، (2016)، اثر الإعلام السياحي علي تحسين صورة السياحة الداخلية في الجزائر من وجهة نظر السياحة المحليين دراسة ميدانية، مجلة جامعة القدس لمفتوحة للآبحاث والدراست والآقتصادية- المجلد الثاني، ع6،.

راوێژ محمد حسێن، (2021) دور وسائل الإعلام فى الترويج للسياحه الآثريه فى إقليم كوردستان - العراق (دراسه أثريه إعلاميه سياحيه)، رساله الماجستير، قسم الاپار الاسلاميه، كليه الاداب، جامعه صلاح الدين- اربيل،.

ربيحه بوداى، (2017) دور الإعلام السياحى فى الحفاظ على الموروث لثاقى الجزائرى، رساله الماجستير، فى علوم الإعلام والاتصال، كليه العلوم الإنسانيه والاجتماعيه، جامعه محمد بوضياف - المسيله، الجزائر.

سعيد محمد باقر الرمضان، (2011) الإعلام السعودى وتأثيره على السياحه الداخليه، رساله ماجستير فى الاعلام والاتصال، كليه الاداب والتربيه، الاكاديميه العربيه المفتوحه فى الدنمارك.

شاخەوان جمال حبيب الله، مريوان مهدى جميل، (2018)، دور الإعلان ل NRT و NRT2 و NRT العربيه فى جذب السياح، مجله الفنون والآدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع، كليه الإمارات للعلوم لتربويه، العدد/19.

طارق على حمود حسن. (2007) أشكال ومظامين البرامج السياحيه فى قناه العراقيه الفظائيه، أطروحه الدكتوراه، قسم الاعلام، كليه الاعلام، جامعه بغداد.

عبدالصمد قادر حسين، (2010)، الافلام الوثائقيه فى قناه كوردسات الفضائيه التلفزيونيه، رساله الماجسيتر، قسم الاعلام/ التلفزيۆن، كليه العلوم الإنسانيه، جامعه السليمانيه.

عارف عبده محمد الآتام، (2020) تعرج الشبا للقنوات الفضائيه اليمنيه وعلاقته بمستوى المعرفه حول الصراع فى اليمن، المجله العلميه لبحوث الإذاعه والتليفزيون، العدد10، قسم الإذاعه والتلفزيون، كليه الإعلام، الجامعه القاهره، مصر.

عماد عمر، (2020) دور قناه الشارقه الفظائيه فى التسويق السياحى باسخدام وسائط الاعلام الجديد، المجلد 48، كليه الاداب، جامعه عين شمس، عدد يناير – مارس.

فاطمه الزهره بنين، (2015) اعتمد الجمهور على القنوات الفظائيه الإخباريه فى الحصول على المعلومات حول الآزمات العربيه، رساله الماجستير، فى العلوم الإسلاميه، كليه العلوم الاجتماعيه والإنسانيه، جامعه الشهيد حمه لخضر - الوادى، الجزائر.

قواسم بن عيسى، (2020) الإعلام السياحى ودوره الاستراتيجى فى تحقيق التنميه السياحه المستدامه، المجله الدوليه أبحاث فى العلوم التربويه والإنسانيه والآداب واللغات، جامعه البصره.

لبنى محمود محمد، (2007) تخطيط وتنميه السياحه التراپيه فى محافظه نابلس، رساله الماجستير، كليه الدراسات العليا، جامعه النجاح الوطنيه نابلس، فلسطين.

مخلف خلف النوافعه، (2010) اتجاهات الجمهور الآردنى ازاو قضايا الإرهاب التى تبپها قناتا الجزيره والعربيه الفضائيتان الاخباريتان. رساله الماجستير، فى الإعلام، جامعه الشرق الآوسط، الاردن.

نادية هادف، (2019) دور الإعلام في التنمية السياحة بالجزائر إذاعة بسكرة نموذجا، رسالة الماجستير، قسم العلوم السياسية/ السياسة عامة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد خيضر بسكرة.

هاورى محمود رسول، كاروان عبدالله محمد، (2017)، دور التنميه الإداريه المؤسسات التلفزيونيه فى اقليم كوردستان، مجله الفنون والآدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع، كليه الإمارات للعلوم لتربويه، العدد17.

Kumari Anita، (2017) Role of Media to Promote Tourism in Himachl Pradesh,Global Journal on Recent Advancement in Business Forecasting and Marketing Intelligence, Vol 1, Issue 1.

Koerts, M. (2015) Tourism in China: representing the nation to English speaking tourists: A historical study of the development of tourism and the interpretive media encountered at fiveBeijing tourist sites, University of Amsterdam, published(APA)..

Rao Kondala, (2017) ROLE OF Media in Tourism New Comunication Technologies, International Journal for Innovative Research in Multidisciplinary Field, volume-3.

Glulla contu, Sara pau, (2022) The impact of TV series on tourism performance: the case of Game of Thones, Business and Economics Department, University of Cagliari, Via Sant-Ignazio, Cagliari, Italy, springer Empirical Economics, 63.

Gebrehiwot Jerusalem Betsiha, Degree of Masters, (2018) The Role of Media in Promoting Tourism: Ethiopian Broadcasting Corporation in Focus, A Thesis Submitted to the School of Jounalism and Communication Addis Ababa University in Partial fulfillment of Requirements Arts in Journalism andCommumcation, Ethiopia.

Mansson Maria Academic Thesis, (2015) Mediatized tourism: The convergence of media and tourism performances, as for the completion of a doctorate in philosophy at Faculty of Social Sciences, Lund University, Citation for published version (APA).

Al-khasawneh Nermmin, Al-Hrout Shadi, Ibrahim Hussien M, (2018) The Role of Tourism Media in the Promotion of Domestic Tourism in Jordan (Governorate of Irbid as A model), Joumal of Tounsm, Hospitality and Sports, Vol.37.

S. Praveen kumar, (2014) Role of Media in the Promotion of Tourism Industry in India, An Online International Research Journal, Vol 1 Issue 3.

[i] . **ناوی پسپۆران و هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی ڕاپێویی (ڕاپرسی).**

1. پ.د. ئازاد محەمەدئەمین نەقشبەندی، جوگرافیایی دەرامەتە سروشتییەکان، پرۆفیسۆری خانەنشین.
2. پ. د. سحر خلیفة سالم، ڕاگەیاندن، کۆلێژی ڕاگەیاندن، زانکۆی عێراقییە، عێراق.
3. پ. د. نەزاکەت حسێن حمە سەعید، ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
4. پ. د. هێمن مەجید حەسەن، ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
5. پ. ی. د. کامل خورشید مراد، ڕاگەیاندن، کۆلێژی ڕاگەیاندن، زانکۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، ئوردن.
6. پ. ی. د. ئیبراهیم فواد الخصاونة، ڕاگەیاندن، کۆلێژی ڕاگەیاندن، زانکۆی بەترا، ئوردن.
7. پ. ی. د. حەکیم عوسمان حەمید، ڕاگەیاندن، پەیمانگەی ناشناڵ بۆ تەکنۆلۆجیا.
8. پ. ی. د.سامان جەلال مولود، ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
9. پ. ی .د. لقمان وسو عمر، گەشت و گوزار+ ئاوهەوای پراکتیکی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
10. پ. ی. د. ئەسوەد قادر ئەحمەد، ئابوریی گەشتیاریی، ڕاگری کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین،هەولێر.
11. پ. ی. د. ڕزگار مەغدید ئەحمەد، ئاماری پراکتیکی،کۆلێژی کارگێری و ئابوری، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
12. پ. ی. د. شێرکۆ جەبار محەمەد، ڕاگەیاندن، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
13. پ. ی. د. هەتاو کریم خدر، کۆمەڵناسی گەشتیاریی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.
14. پ. ی. د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد، ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
15. پ. ی. د. عەبدوالخالق ئیبراهیم مستەفا، ڕاگەیاندن، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.